# عەفواتەکەی"پاك"!

محسن كريم

رۆژی هەینی ٢٠٠٢/٥/١٠ مەلاکرێکار ئەمیری تاقمی تیرۆرستی"پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستان(پاك)" عەفواتتێکی بۆ ئەندامان و چەکدارەکانی رێکخراو و حیزبە غەیرە ئیسلامی و عیلمانی یەکان دەرکردوە بۆ ئەوەی تەسلیم بەوان ببنەوەو هەرچەکدارێکیش ٥٠٠ دیناریان بەخشیش دەدەنێ!

من لێرەدا مەبەستم نی‌یە لەسەر عافواتەکەی مەلاکرێکار قسە بکەم, ئەم گاڵتەجاری و نوکتەبازییە بەشێکە لەزنجیرەی ورێنەکانی مەلا, بەڵام ئەوەی قسە لەسەرکردن هەڵدەگرێت ئەوەیە کە: چی وای کردوە گروپێکی چەکداری تیرۆرستی (٢٠٠-٣٠٠) کەسی بەوجۆرە متمانە بەخۆبونەوە داوا لە هەزاران ئەندامی حیزب و هێزە سیاسیە غەیرە ئیسلامیەکان بکەن تەسلیم بەوان بن !؟ کام سیاسەتی سازشکارانە تەمەنی ئەم تاقمە تیرۆریستەی درێژکردەوە !؟

لای هەموو خەڵك و هێزە سیاسیەکانیش ئاشکرایە کەگروپی تیرۆرستی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆن کەدواتر پارچە پارچە بوو، وەئەم بونەوەرە تازەیەی بەناوی (جند الايسلام )و دواتر( پشتیوانانی ئیسلام)ی لێ پەیدابوو، دروستکراوو بەکرێگیراوی راستەوخۆی رژێمی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی ئێرانن کەوەکو کارتی فشار بۆ داپین کردنی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆی لەکوردستانی عێراقدا دروستی کردن. ئێستا پاش پارچەپارچەبوونیان هەر هەموویان جڵەوەکانیان بەدەستی ئەو رژێمە کۆنەپەرستەوە ماوەتەوە و هەمان نەخشی سیاسیی بۆ دەگێرن . یەکێتی نیشتمانی، کە ئەم گروبە ئیسلامی‌یە تیرۆریستانە بەشێوەیەکی گشتی لەسنوری دەسەڵاتی ئەودان، ئەم راستی‌یە حاشاڵ دەکات و ئاوی پاکانە دەکات بەسەردەستی ئێراندا، گوایە ئێران دژی تاقمی مەلا کرێکارەو هاوکاری‌یان ناکات، ئەمەش تەنها لەبەرخاتری بەرژەوەندی سیاسی کورتبینانەی خۆیەتی کە ئاکامەکەشی بەزیانی خۆی گەراوەتەوە و دەگەرێتەوە.

ئایا کێ بروا بەوە دەکات کەدەستەیەکی (٣٠٠) کەسی لەناوچەیەکی سنووریی دیاریکراودا کەبەشێوەی پارتیزانیش شەرناکەن و هێزەکانیان پرش و بلاوەنەکردوتەوە، بتوانن بەوجۆرە روبەروی هەزاران چەکداری ئەم حیزبانە ببنەوە و عافوات بۆ چەکدارەکانیان دەربکەن !؟ بەپێی مەنتقی سەربازی ئەمە بێجگە لە گاڵتەجاری شتێکی دیکە نی‌یە، مەگەر ئەوەی ئەم هێزە پشتی جەبهەیەکی بەهێزی هەبێت. خۆ بەفرۆکەی "غەیب"ی لەئەشکەوت و ژێرزەمینە نهێنیی‌و نەزانراوەکانی (بن لادن و مەلاعومەر) وەوە پردی ئاسمانی (غەیبی) یان لەئەفغانستانەوە بۆ نەبەستون و چەك‌و مەواد و پارەو پولیان بۆ بگەیەننە شاخەکانی دەورووبەری بیارە !؟ کێ هەیە نەزانێت کەپشتی جەبهەی مەلاکرێکار ناوچە سنوریەکانی ئێرانە!؟ کێ هەیە ئەوە نەزانێ کەشوێنی حەوانەوەو چارەسەری نەخۆش و بریندارەکانیان ئێرانەو پشتیوانی سیاسی،

سەربازی، مالی و لوجستی ئەم تاقمە رژێمی ئێرانە!؟ لەمەش واوەتر پشتوپەنای رۆژانی تەنگانەیان گروپە تیرۆریستە هاوخوێنەکانیانن لەناوچەکەدا. شۆردنەوەی دەستی رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران لەتاوانەکانی ئەم تاقمە تیرۆریست و دوژمن بەخەڵکە، چەواشەکردنی خەڵك و تاوانێکە دەرحەق بەوان ئەنجام دەدرێ. دەبێ جمهوری ئیسلامی ئێران وەکو پشتوپەنای تیرۆریزمی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق، لەلایەن رای گشتی کوردستان و هێزو ناوەندە سیاسیو ئینساندۆستەکانی پشتیوانی خەڵکی کوردستانەوە لەدەرەوەی وولات ریسوا بکرێو دەستی لەکاروباری سیاسی کوردستاندا کۆتا بکرێ .

بەڵام درێژبونەوەی تەمەنی ئەم گروپە تیرۆریستە بەتایبەتیو تیرۆریزمی ئیسلامی بەگشتی لەکوردستان, ئاکامی سیاسەتی قازانج پەرستانەو کورتبینانەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان بەگشتی و(ی ن ك) بوو بەتایبەتی. ساڵی پار لە مانگی ئۆکتۆبەردا زۆربەی شارەکانی کوردستان دژی تیرۆریزمی ئیسلامی و تاوانی وەحشیانەی (جند الاسلام) واتە (پاك)ی ئێستا لە گوندی (خێڵی حەمە) خرۆشان، بەڵام (ی ن ك) لەبەرخاتری بەرژەوەندی سیاسی خۆی لەگەڵ رژێمی ئێراندا, هەر زوو کەوتە بەندوبەست و ساتوسەودا لەگەل ئەم گروپە ئیسلامیە تیرۆرستانەدا, "پاك و پیس"ی کردن و هەرەشەی لەخەڵك و هێزەکانی خۆیشی کرد کەدەبێ رێزی "ئیسلامیە رەسەنەکان" بگرن و دواتریش بۆ پاکبوونەوەی پیسەکانیان داوای گۆرینی ناوەکەیان و چونە ناو هێزە"ئیسلامیە رەسەنەکان"ی لێکردن ! ئەوانیش وایان کردو ئەم (پاك)ەی ئێستا کە عافوات بۆ خەڵك دەردەکات , بەرهەمی ئەم خواستەی یەکێتی بوو, بەمەش لەرق و تورەیی خەڵك دووری خستنەوە! پارتی دیموکراتی کوردستانیش, لەبەر ئەوەی هێشتا پرۆسەی ئاشتیەکەی لەگەڵ یەکێتی دا بە"ئاستێکی بەرزی لێکگەیشتن و هاوکاری" نەگەیشتبوو, فرسەتی نەرەخساند بۆ ئەو جەماوەرەی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودان, تا رق و نەفرەتیان لەتیرۆریزمی ئیسلامی نمایش بکەن! بەم جۆرە سیاسەتی قازانج پەرستانەو کورتبینانەی ئەم حیزبانە لە حەساسترین فرسەتدا کە بۆ جەماوەری داخ لە دڵ لە تیرۆریزمی ئیسلامی رەخسابوو, تا بارگەو بنەیان بپێچنەوە, ئەوانی لەشاڵاوی نارەزایەتی جەماوەر پاراست.

ئەم حیزبانە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا بەرپرسیارن بەوەی فاکتەرێکن لە هێشتنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامیدا. خەڵکی کوردستان دەبێ لەلایەکەوە هێزی خۆیان بۆ بنەبرکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی, وەکو ئۆکتۆبەری پار, بەڵام ئەمجارەیان لەسەراسەری کوردستاندا بهێننەوە مەیدان و لەلایەکی دیکەوە رێگە بەئەحزابی دەسەڵاتدار نەدەن ئەم گروپە تیرۆریستانە لەرق و تورەیی خەڵك بپارێزن و پاکانەیان بۆ بکەن.

٢٠٠٢-٥-١٢